# به پێوه نوێژ بكه، ئه‌گه‌ر ناتوانیت ئه‌وا به دانیشتنه‌وه ئه‌نجامی بده، خۆ ئه‌گه‌ر هه‌ر ناتوانیت ئه‌وا به پاڵكه‌وتنه‌وه نوێژ بكه

له عیمران كوڕی حوصه‌ینه‌وه ده‌ڵێت: تووشی مایه‌سیری هاتبووم، پرسیارم له پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- كرد ده‌رباره‌ی نوێژكردن (به‌م حاڵه‌ته‌وه)، فه‌رمووی: «به پێوه نوێژ بكه، ئه‌گه‌ر ناتوانیت ئه‌وا به دانیشتنه‌وه ئه‌نجامی بده، خۆ ئه‌گه‌ر هه‌ر ناتوانیت ئه‌وا به پاڵكه‌وتنه‌وه نوێژ بكه».
[صه‌حیحه] [بوخاری گێڕاویه‌تیه‌وه]

پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیده‌كاته‌وه كه ئه‌سڵ له نوێژكردن ئه‌وه‌یه به‌پێوه ئه‌نجامبدرێت، مه‌گه‌ر له‌حاڵه‌تی بێ تواناییدا، ئه‌وا به دانیشتنه‌وه ئه‌نجامی ده‌دات، وئه‌گه‌ر به‌م حاڵه‌ته‌وه نه‌توانێت ئه‌وا به‌پاڵكه‌وتنه‌وه نوێژ ده‌كات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10951

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee